ژمارە : ٢٦٩
ڕێکەوت: ١/ جۆزەردان/ ٢٧٢٣ کوردی

العدد: ٢٦٩
التأريخ: ٢٠٢٣/٥/٢٢

## فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە ماددەی (٣٥)ی یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٢٢، یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق، تایبەت بە وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران، ئاماژە بە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٥ ی ٥ ی ٢٠٢٣، **بڕیارماندا بە:**

**پەسەندکردنی ڕێکارەکانی تۆمارکردن و وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان/ خوێندکاران لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان.**

**هاوپێچ/ ڕێکارەکانی تۆمارکردن و وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان/ خوێندکاران لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان.**

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**
**٢٠٢٣/ ٥ /** ٢٢

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران / بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بەدیوانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست بە گوێرەی پەیوەندیداریتان .
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ کاری پێویست.
- خولاو.

## یەکەم : باخچەی منداڵان :

**١ -** وەرگرتنی منداڵان لە باخچەی منداڵانی حکومی بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی دەبێت.

**٢ -** ئەگەر پاش وەرگرتنی منداڵان لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی، باخچە جێگەی زیادەی مایەوە، وەرگرتن بە تیروپشك بۆ گشت منداڵانی دیکە دەکرێت، بەگوێرەی توانای خودی باخچەکە.

**٣-** ئەگەر ژمارەی منداڵانی شوێنی جوگرافی کە داوای وەرگرتن لە باخچەیەکی منداڵانی حکومی دەکەن زیاتر بوون لە توانای وەرگرتنی باخچەکە، وەرگرتنی منداڵان لەسەر بنەمای تیروپشك دەبێت.

**٤ -** ئەو باخچانەی دوو دەوامن، لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣/٢٠٢٤)ەوە دەکرێنە یەك دەوام. ئەگەر گرفتی وەرگرتنی منداڵی (٤) چوار ساڵان هەبوو، دەبێت تەنها بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣/٢٠٢٤) منداڵی نوێ بۆ قۆناغی یەکەمی باخچە وەرنەگرن.

٥- بۆ قۆناغی یەکەمی باخچە، ئەو منداڵانە وەردەگیرێن کە چوار ساڵن و رۆژی لەدایکبوونیان لە ١-١-٢٠١٩تا ٣١-١٢-٢٠١٩ بێت. هەروەها بۆ قۆناغی دووەمی باخچە منداڵانی پێنج ساڵی وەردەگیرێن کە رۆژی لەدایکبوونیان لە ١-١-٢٠١٨ـ دەستپێبکات تا ٣١-١٢-٢٠١٨.

## دووەم : قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییەکان:

**١ -** وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی نوێ لە گشت قۆناغەکانی خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییە حکومییەکان، جگە لە سیستمی ئینگلیزی، بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی دەبێت، بەو مانایەی قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییە حکومییەکان دەبێـــــت

پێش هەموو کەسێك ئەو قوتابی و خوێندکارانە وەربگرن کەماڵیان لەو گەڕەك و شوێنەیە کە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییەکەی لێیە، و ئەرکی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی قەزایە به زووترین کات سنووری وەرگرتن بۆ ئەو دامەزراوانە دیاری بکات.

**٢-** ئەگەر پاش وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی شوێنی جوگرافی خۆیان، هێشتا جێگەی خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەکە مایەوە، دابەشکردنی کورسییەکانی خوێندن لەسەر بنەمای بە تیروپشك دەبێت، جا داواکار دانیشتووی هەر شوێنێکی ئەو پارێزگایە بێت. وە بەڕێوەبەر بەرپرسە لەوەی نابێت ژمارەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی وەردەگیرێن زیاتر بێت لە جێگەکانی قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییەکە. واتە ئەگەر دامەزراوەکە توانای وەرگرتنی (١٠٠) قوتابی هەبوو نابێت بۆ نمونە (١٢٠) قوتابی وەربگیرێت.

**٣ -:** ئەگەر لە گەڕەکێك قوتابخانە یان خوێندنگە دروست نەکرابوو یان تەواو نەکرابوو، ئەرکی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزایە، قوتابیان و خوێندکارانی ئەو گەڕەکە لە نزیکترین یان گونجاوترین قوتابخانە و خوێندنگە وەربگرێت.

**٤-:** وەرگرتنی قوتابیانی پۆلی (١) یەك لە قوتابخانە حکومییەکانی سیستمی ئینگلیزی لەسەر بنەمای تیروپشك دەبێت بە ئامادبوونی بەخێوکارانی قوتابیان و هیچ مەرجێکی دیکە دانادرێت.

:٥ قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی قوتابیانی لەدایك بووی (٢٠١٧/١/١) تا (٢٠١٧/١٢/٣١) وەردەگرێت.

**٦-:**

أ- وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی نوێ، لە پۆلەکانی (٧) ی بنەرەتی و (١٠) ی ئامادەیی لە قوتابخانە

و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەییە حکومییەکانی سیستمی ئینگلیزی، لەسەر بنەمای تیروپشک دەبێت بەئامادەبوونی بە خێوکارانی قوتابیان و خوێندکاران.

ب- ئەو قوتابیانەی لە پۆلی (٦) و (٩)ی دامەزراوەیەکی حکومی ئینگلیزین، ئەگەر لە دامەزراوەکەی خۆیان پۆلی (٧)ی بنەرەتی و (١٠)ی ئامادەیی هەبوو لە ئەوا لە دامەزراوەکەی خۆیان وەردەگیرێن و بەردەوام بە خوێندن دەدەن. بۆ نمونە دەرچووی پۆلی (٦)ی بنەرەتی دەچێتە پۆلی (٧)ی بنەرەتی هەمان قوتابخانە و دەرچووی پۆلی (٩)ی بنەرەتی دەچێتە پۆلی (١٠)ی ئامادەیی ئەگەر کۆمەڵگەی پەروەردەیی بوو.

ئەگەر قوتابی لە پۆلی (٦) و (٩)ی بنەڕەتی سیستمی ئینگلیزی حکومی دەرچوو و لە دامەزراوەکەی پۆلی (٧) و (١٠) نەبوو ئەوا بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە بڕیار لە سەر دابەشکردنیان بەسەر دامەزراوە ئینگلیزیەکانی حکومی بە شێوەیەکی هاوسەنگ دەدات.

ج- ئەگەر قوتابخانەیەک یان خوێندنگەیەک یان کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی حکومی ئینگلیزی بۆ پۆلەکانی (٧) و (١٠) پاش وەرگرتنی قوتابیانی دەرچووی پۆلی (٦) و (٩)ی خۆیان جێگەی بەتاڵی مایەوە، وەرگرتن لەسەر بنەمای تیروپشك دەبێت و بۆ گشت ئەو قوتابی و خوێندکارانە دەبێت کە لە هەڵسەنگاندنی زمانەوانی کە بە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە ڕێکدەخرێت نمرەی دەرچوون بەدەست دێنن، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەبێت (٨٠٪) هەشتا لەسەدی کورسییە بەتاڵەکان بۆ ئەو داواکارنە بێت کە لە دامەزراوەیەکی حکومییەوە هاتوون و (٢٠٪) بیست لەسەدی کورسییە بەتاڵەکان بۆ ئەو داواکارنە بێت کە لە دامەزراوەیەکی ناحکومییەوە هاتوون.

د- هیچ قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی حکومی سیستمی ئینگلیزی بۆی نییە لەسەر بنەمای نمرە و تاقیکردنەوەی پێشوەختە قوتابیان و خوێندکاران وەربگرێت. لەو جۆرە دامەزراوانە تەنها

بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە مافی بڕیاردانی لە سەر دیاریکردنی کاتی تیروپشکەکان و کاروباری لۆجستی پرۆسەکە هەیە.

ە -ئەگەر قوتابی و خوێندکارێک ویستی گواستنەوە لە نێوان دوو قوتابجانە یان خوێندنگە یان کۆمەڵگەی پەروەردەیی حکومی سیستمی ئینگلیزی بکات، ئەوا گواستنەوەی بۆ ئەنجام دەدرێت بەو مەرجەی ئەو دامەزراوەیەی بۆی دەچێت لە سنوری جوگرافی دانیشتنی خۆی بێت و کورسی زیادەی هەبێت.

و- قوتابی گەڕاوە بۆ هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومیەکانی سیستمی ئینگلیزی وەردەگیرێن، ئەویش پاش بەرامبەرکردنی بڕوانامەکانیان. دیاریکردنی دامەزراوەی خوێندن بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە بە بڕیاری بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە دەبێت.

**٧-:**

أ- تۆمارکردنی قوتابیان لە پۆلی (١)ی بنەڕەتی، لە ڕۆژی یەکشەممەی (٢٠٢٣/٦/٤) دەستپێدەکات و تا ڕۆژی (٢٠٢٣/٨/١) بەردەوام دەبێت. تۆمارکردن ڕۆژانی یەکشەممان و چوارشەممان دەبێت کە ڕۆژی دەوامی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندنە. پێویستە کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن ڕۆژانی یەکشەممان و چوارشەممان تا کۆتایی دەوام بمێننەوە.

ب- ئەگەر پاش تۆمارکردنی قوتابیانی شوێنی جوگرافی لە پۆلی (١) یەك جێگای زیادە لە قوتابخانە و کۆمەڵگە پەروەردەییەکە مایەوە، تۆمارکردنی قوتابیانی تر لە ڕۆژی (٢٠٢٣/٨/٢) دەست پێدەکات و تاکوو ڕۆژی (٢٠٢٣/٨/٩) بەردەوام دەبێت، و وەرگرتنی ئەو قوتابیانە لەسەر بنەمای تیروپشك دەبێت.

ج- ئەو قوتابیانەی پاش ئەنجامدانی تیروپشك ناویان دەرناچێت، مافیان هەیە لە قوتابخانەی گەڕەکی خۆیان وەربگیرێن و لە ماوەی (٢٠٢٣/٨/١٣) تا ( ٢٠ / ٨ / ٢٠٢٣ ) تۆمار بکرێن.

د- ئەو قوتابی و خویندکارانەی لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢/٢٠٢٣) لە قوتابخانەیەك یان خوێندنگەیەکی تری ئەو شوێنە جوگرافییە تۆمارکراون و دەخوێنن لە دامەزراوەکەی خۆیان بەردەوامی بە خوێندن دەدەن، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە دەگوازنەوە بۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی.

-٨

أ- پێویستە تا (٢٧ / ٨ / ٢٠٢٣) گشت هۆبەکان و پۆلەکان جیاکرابێتنەوە و ناوی گشت منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران لە سیستەمی (e-parwarda) تۆمار کرابێت. پاشان سیستمی (e-parwarda) ڕا دەگیرێت.

ب- بەڕێوەبەر بۆی نییە هۆبە لەسەر بنەمای نمرە یان قوتابی زیرەك و ئاست مامناوەند جیابکاتەوە.

٩- پێویستە تا (٣١/ ٨ / ٢٠٢٣) خشتەی وانەکان و بەشەوانەی مامۆستایان بەجێگیریی لە لایەن بەشی کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن دانرابێت و تەواو کرابێت و پاشان بە دروستی لە سیستمی (e-parwarda) تۆمار بکرێت.

-١٠

أ- منداڵی شەهیدان (کوڕ و کچی شەهید ) پاش خستنەڕووی پشتگیریی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکانی شەهیدان، لە قۆناغی یەکەمی باخچە یان پۆلی یەکەمی بنەرەتی لە خوێندنی حکومی چ سیستمی ئینگلیزی چ کۆمەڵگە پەروەردەییەکان یان هەر باخچە و قوتابخانەیەکی حکومی، دیاری بکەن بە بێ هیچ مەرجێک دەبێت وەربگیرێن بە قوتابخانەکانی سابیسیشەوە، جگە لە قوتابخانەکانی بەهرەداران.

ب- منداڵی کەمئەندامانی سەنگەر (کوڕ و کچ)یان پاش خستنەڕووی پشتگیریی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار، لە قۆناغی یەکەمی باخچە یان پۆلی یەکەمی بنەرەتی لە خوێندنی حکومی چ سیستمی ئینگلیزی چ کۆمەڵگە پەروەردەییەکان یان هەر باخچە و قوتابخانەیەکی حکومی، دیاری بکەن بە بێ هیچ مەرجێک دەبێت وەربگیرێن، جگە لە قوتابخانەکانی بەهرەداران و سابیس.

**١١-** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخچەی منداڵان و فێرکردنی بنەرەتی ڕێنمایی وەرگرتن لە قوتابخانەکانی بەهرەداران و سابیس بڵاو دەکەنەوە بە جۆرێک کە دادپەروەری بەدیبهێنێت.

١٢- وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەسەر بنەمای پێشنیاری لیژنەیەکی پسپۆر، کە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ دەستنیشانی دەکات، دەبێت. لە هەمان کاتدا ئەرکی لیژنەکەیە قوتابخانەیەك یان خوێندنگەیەکی گونجاو، کە مامۆستای پەروەردەی تایبەتی وەك میلاك یان وانەبێژ تێدابێت، بۆ ئەو قوتابییە/خوێندکارە بدۆزێتەوە.

**١٣-** گواستنەوەی قوتابیانی لە قوتابخانەکانی سابیس بۆ قوتابخانە و خوێندنگەکانی سیستمی ئینگلیزیی حکومی ڕێگەپێدراوە.

**١٤-** هەر بەڕێوەبەرێکی ناوندەکانی خوێندن سەرپێچی بەرانبەر بە ڕێنماییەکانی وەرگرتن و گواستنەوە بکات لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دروست دەکرێت و سزای کارگێڕی دەدرێت.